# هەواڵ هەواڵ

## محەمەد سیاسی بەرەو هەندەران دەڕوا

ڕۆژنامەوان محەمەد حەسەن ناسراو بە محەمەد سیاسی لەگەڵ ئەو لایەنەی کاری تێدا دەکرد دووچاری کێشەو گرفت بۆوەو زیندانی کرا، بە هەوڵ و کۆششی ڕێکخراوەکانی داکۆکیکار لە مافی ڕۆژنامەوان و مافی مرۆڤ ئازاد کرا، دوای ئازادکردنی بە تۆمەتی سیخوڕی لە ڕێکخستن دەرکرا، بەڵام کێشەکەی بەوە کۆتایی نەهات، بەڵکۆ کێشەی خێزانی لێکەوتەوەو لەگەڵ هاوسەرەکەی لەیەکتر جیابوونەوە، سەرەنجام ماڵەکەی بار دەکات و لە شارەدێی کەسنەزانی نزیک هەولێر لەگەڵ دایکی و دوو کچەکەی نیشتەجێ دەبێ. بەگوێرەی قسەی ئاشناکانی ئەو زۆر هیوای لەسەر ئەوە هەڵچنی بوو کە لایەنی دەستەڵاتدار ئاوڕی لێبداتەوەو هاوکاری بکات، تەنانەت بۆ ئەم مەبەستەش چەند نامەیەکی تایبەتی بۆ بەرپرسەکان و لایەنە پەیوەندداره‌کان ڕەوانەکرد، کە لە وەڵام وەرگرتنەوە بێهیوا بوو بە شێوەی ئاشکرا نامەکانی لە ماڵپەڕەکانی تۆڕی ئینتەرنێت دا بڵاو کردەوە. لە دوایین نووسینیدا لەژێر ناوی بەڕێز سەرۆکی حکومەت ناچارم وڵات جێبهێڵم ڕاشکاوانە بێهیوایی خۆی بەیان کردو بڕیاری دا بەرەو هەندەران بڕوات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ڕۆژی 4-12-2007 لە ماڵ دەرچووەو نەگەڕاوەتەوە، بەوهۆیەوە کەسوکاری لە نیگەرانی دا دەژین و بەدوای دا دەگەڕێن، بۆ سۆراغکردنی دەزگەکانی ئاسایش و پۆلیسیان ئاگادار کردۆتەوە، بەڵام هیچ هەواڵێکیان وەچنگ نەکەوتووە.

کەسێکی نزیک لە محەمەد سیاسی کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ بە **ڕۆژی گەل**ی ڕاگەیاند کە ناوبراو زۆر بێهیوابیوو، بڕیاری دابوو ئەگەر بەمەرگیشی تەواو ببێ سەر هەڵبگرێ و بەرەو هەندەران بڕوات، بەڵام خزمەکانی ترسی ئەوەیان هەیە ڕفێنرابێ و شوێنبزر کرابێ.

## ڕانیە: کەسێک دزی لە باپیری دەکات

شەوی 10-12-2007 کەسێک بە ناوی (ش.ڕ)لە گەڕەکی (قوڵە)ی شاری ڕانیە قاسەی باپیری دەشکێنێت و شەش دەفتەر دۆلاری ئەمریکی دەبات.

بەگوێرەی زانیاریەکان ئەو کەسە بۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە بەرەو شاری سلێمانی دەڕوات، بەڵام باپیرەی گومانی لێدەکات و دەچێتە بنکەی پۆلیسی کێوەڕەش و سکاڵای لە دژدا تۆمار دەکات. تۆمەتبارەکە سێ ڕۆژ خۆی ون دەکات، دواتر لە نێو بازاری شاری سلێمانی دا دەستگیر دەکرێ.

جێگەی ئاماژەیە تۆمەتبار دانی بە تاوانەکەی داناوەو ڕایگەیاندووە کە باوکیشی ئاگای لە برینی قاسەکە هەبووە، بەڵام باوکی تۆمەتەکە ڕەت دەکاتەوە و بێبەری خۆی پێشان دەدات.

## کارمەندێک گوێچکەی کەسێک دەقرتێنێ

ڕۆژی 8-12-2007 لە نێو بازاری شاری ڕانیە کارمەندێکی بنکەی پۆلیسی شاری (هە) بە ددان گوێچکەی مەیفرۆشێک دەقرتێنێ.

بەگوێرەی زانیاریەکان مەیفرۆشەکە کوردێکی ئێزدییە،تەمەنی 32ساڵە و ناوی (خ. ش.خ) خەڵکی شاری شێخانە، بەڵام دوکانی مەی فرۆشتنی لە ڕانیە هەیە.

بەگوێرەی زانیاری خاوەن مەیخانەکە ئامادە نەبووە مەی پێبفرۆشی ئەگەر پارەی تەواوی پێنەدات، بەڵام کارمەندەکەی پۆلیس کە ناوی (ح. ئیس)، تەمەنی 22 ساڵە، پەلاماری دەدات بە ددانەکانی گاز لە گوێی خاوەن مەیخانەکە دەگرێ و پارچەیەکی لێ دەکاتەوە، بەوهۆیەوە کابرای گوێچکە قرتاو ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێ،تۆمەتباریش دەستگیر دەکرێت.

## مینێک سێ کەس بریندار دەکات

ڕۆژی 9-12-2007 مینێک کە نازاندرێ کەی دانراوەتەوە دەتەقێتەوەو سێ کەس بریندار دەکات.

بەگوێرەی زانیاریەکان بەهۆی تەقینەوەی ئەو مینە پیاوێکی تەمەن 39ساڵ بە ناوی (م.ع) دانیشتووی گوندی (شێنێی)دەڤەری پشدەرە خۆی و کچێکی پێنج ساڵەی بە ناوی (س.م) و برازایێکی بەناوی (ع. و)بریندار دەبن.

ئەگەرچی ماوەی نزیکەی 17 ساڵە ئەو دەڤەرەی مینەکەی لێتەقیوەتەوە لە داگیرکەران پاککراوەتەوە، کەچی ئێستاش مینە تاکەکەسیەکان هەڕەشەیەکی ئاشکرا لەسەر دانیشتووانی ئەو دەڤەرە پێکدەهێنێ.

## کەرکوکیەکان گلەیی دەکەن

دانیشتووانی شاری کەرکوک لە ڕەفتارو هەڵسوکەوتی بەرپرسە حزبیەکان نارازین، ئەوان بە چاوگەی زێدەڕۆیی و سەرپێچیکردنی یاسای شارەکە تۆمەتبار دەکەن.

سەرچاوەیەک بە هەفتەنامەی ڕۆژی گەل ی ڕاگەیاند کە بڕیاروایە لەڕۆژانی داهاتوو لە کاتێکدا کە خۆ بۆ ڕێپێوان لەدژی جێبەجێنەکردنی ماددەی 140 ئەنجام دەدرێ، خەڵک ئەو مەسەلەیەش بوروژێنن و سکاڵای خۆیان بە هێزە سیاسیەکان بگەیەنن.

بەگوێرەی ئەو سەرچاوە دەستەڵاتدارەکان پێوانە بۆ کەس ناکەن، لەخۆیانەوە بڕیار دەدەن، کارەبای تایبەت بۆ بارەگاو ماڵی بەرپرسەکان ڕادەکێشن، زێدەڕۆیی دەکەن، زەوی دابەش دەکەن و خانوو دروست دەکەن، ئەمە لە کاتێکدایە کە خەڵکێکی زۆر هێشتا لەژێر چادردا دەژین.

# شاندێکی RPK سەردانی RUK دەکات



کاتژمێر14.30ی ڕۆژی 2007-12-3 هەڤاڵ ڕێکار ئەحمەد سکرتێری گشتی حزبی ڕزگاری بە یاوەری هەڤاڵ هەژار زراری ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەرپرسی کۆمیتە پاریزگاری هەولێر سەردانی بارەگای یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستانی کرد کە بەگەرمییەوە لەلایەن ئەندامانی سەرکردایەتی یەکێتی شۆڕشگێڕانەوە پێشوازی لێکرا.

سەرەتا دایە دایە خانم سەرۆکی یەکێتی شۆڕشگێڕان بەخێرهاتنی لە شاندی ڕزگاری کردو خۆشحاڵی خۆی بۆ سەردانەکە دەربڕی، دواتر لە دیدارێکدا کە هەریەکە لە بەڕێزان کاک سمکۆ یەزدان پەنا سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی، شوانە مەحمودی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی و بەپرسی پەیوەندیەکا ن و کاک شۆڕش ئەردەڵان ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی ئامادەببوون باس لە ڕەوشی هەنووکەیی کوردستان و پێوەندی نێوان لایەنە کوردستانیەکان کرا، پاشان دیاردەو هۆکاری جیابوونەوەو دابڕان لەنێو پەلەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی خرایە بەرباس و لێدوان.

لەتەوەرێکی دیکەی دانیشنەکەدا باس لە ڕۆڵی ژنانی کوردستان کرا، خۆشبەختانە هەردوولا هاوڕابوون کە دەبێ ژنان بەشداری چالاکانە لەکاری سیاسیدا بکەن و پلەی بەرپرسیارێتی لەئەستۆ بگرن، چونکە هاوێرکرانی ژنان زیانێکی گەورە بە بزاڤی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان دەگەیەنێ، هەر لەم بەستێنەدا سکرتێری حزبی ڕزگاریی کوردستان پیرۆزبایی لە ئامینە خانم کرد کە وەک سەرۆکی یەکێتی شۆڕشگێڕانی کوردستان هەڵبژێردراوە، بەوبۆنەیەشەوە هیوای سەرکەوتن و تەمەندرێژی بۆ خواست.

لە کۆتاییدا هەردوو لا جەختیان کردەوە کە دەبێ دیدارو کۆبوونەوە لەنێوان لایەنە هاوڕامانەکان درێژەی هەبێ و لە ڕووداوەکاندا هاوهەڵوێستی پێشان بدرێ، ئەمەشیان بە قازانجی بزاڤی ڕزگاریخوازی لیکدایەوە.

# 54 سەرۆک شارەوانی دادگەیی دەکرێن

بە تۆمەتی ئەوەی لە ڕێگای میدیاکانەوە پڕوپاگەندەیان دژی دەوڵەتی تورک کردووە، پەنجاوچوار سەرۆک شارەوانیی باکووری کوردستان دادگایی دەکرێن.

پارێزەر و ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ "شەرەفەدین تاش" لەو بوارەوە بە ڕێنێسانسی ڕاگەیاند کە سەردۆزگەریی شاری ئامەد داوایەکی لە دژی ئەو 54 سەرۆک شارەوانییە کوردانە بەرز کردۆتەوە کە لە کۆبوونەوەیەکی چاپەمەنیدا ڕایانگەیاندبوو دەوڵەتی تورکیا "ئۆجالان"ی ژەهرخواردووکردووە.

بە گوێرەی لێدوانی ئەو پارێزەرە کوردە لە دۆزەکەدا دەگوترێ ئەو 54 سەرۆک شارەوانییە لە ڕێچکەو یاساکانی تورکیا لایانداوە و پڕوپاگەندەیان دژ بە دەوڵەت کردووە. دۆزەکە جەختیشی دەکاتەوە کە ئەوانە پشتگیریی خۆیان بۆ ئۆجالان دەربڕیوە، کە ئەوەش لە خۆیدا تاوانێکە و بۆیەش بۆ هەریەکەیان داوای دوو ساڵ سزای گرتووخانە دەکرێت.

ئەو پارێزەرە کوردە وەبیریشی هێنایەوە کە ئەو 54 کەسە هەمان ئەو کەسانەن کە دووساڵ لەمەوبەر، کاتێک تورکیا داوای لە دەنمارک کردبوو ئیزنی وەشان لە ڕۆژ تیڤی بستێنێتەوە، پشتگیری خۆیان لەو کەناڵە کوردییە ڕاگەیاندبوو.

لە لایەکی دیکەوە ڕۆژی سێشەممە 11-12-07 سەرفەرمانداری گشتی سوپای تورکیا یەشار بیوکئانت لە لێدوانێکیدا گوتی پ.ک.ک یاسایی، بووە.

بیوکئانت پەنجەی بۆ پەرلەمانتارانی سەربە لیستی پارتی کۆمەڵگەی دیمۆکراتی ڕاکێشاو گوتی پ.ک.ک ئێستا لە پەرلەمانە، هیچ شتێکمان لەدەستدا نەماوە بیکەین؛ ئەوان یاسایی و لەگالیزە بوونە و بەتەنیا ئەوە ماوە چەکدارەکانیشیان لەشاخ بێنەخوارەوە خۆیان یاسایی بکەن.

**سەرچاوە: ڕێنێسانس**

# ژمارەیەک ژن دەسووتێن

ڕۆژی 9ی ئەم مانگە کچێکی تەمەن 16ساڵ بەناوی (ژ.ع)دانیشتوی شارەدێی تەق تەق لە ماڵەکەی خۆیدا بە هۆی غازەوە ڕێژەیەکی زۆر لەشی دەسوتێ و دواتر ڕەوانەی نەخۆشخانەی کۆیە دەکرێ، بەداخەوە دوای دوو ڕۆژ لەمانەوە لە نەخۆشخانە گیان لەدەست دەدات. هەر ڕۆژی 9ی ئەم مانگە ژنێکی تەمەن 22 ساڵ بە ناوی (س. ع) دانیشتووی شارەدێی چوارقورنە گوایە لە کاتی چێشت لێناندا غاز گری گرتووەو ئەو سووتاوە، هەرچەندە قوربانیەکە ڕەوانەی نەخۆشخانەی سلێمانی دەکرێ، بەڵام بە هۆی زۆری ڕێژەی سووتانەکەیەوە دوای دوو ڕۆژ گیان لەدەست دەدات.

ڕۆژی 11ی ئەم مانگە ژنێکی تەمەن76ساڵە بەناوی (ی.غ) دانیشتوی گوندی (باڵەیان)ی سەر بە شاری (گەلاڵە) دەسووتێ.

خزمەکانی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە قوربانیەکە بەهۆی تێکچوونی باری دەروونییەوە خۆی سووتاندووە. بەهۆی زۆری سووتانەکەیەوە هەرهەمان ڕۆژ گیان لەدەست دەدات.

هەر ڕۆژی 11ی ئەم مانگە فێرخوازێکی ئامادەیی تەمەن20 ساڵ بەناوی(ن.ی)دانیشتووی کۆمەڵگەی شکارتە گوایە بە هەڵە لە جیاتی نەوت بەنزینی لە زۆپا کردووە، بەوهۆیەوە سووتاوە و هەرهەمان ڕۆژ گیان لەدەست داوە.

لەلایەکی دیکەوە هەر ڕۆژی 11ی ئەم مانگە ژنێک بە ناوی (ن. ئی) دانیشتووی شارەدێی حاجیاوا گوایە لە جیاتی نەوت، بەنزین بەکاردەهێنێ، بەڵام زۆپا گڕ دەگرێ و ئاگری تێبەردەبێ، مخابن هەر هەمان ئەویش گیان لەدەست دەدات.

ڕۆژی 13ی ئەم مانگە لە شارۆچکەی کەسنەزان ژنێک بەناوی(ی.ح) تەمەن 24 ساڵ ئاگری تێبەردەبێ و بەڕێژەیەکی زیاتر لە 90% دەسووتێ، کەسوکاری قوربانیەکە جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە پریمز تەقیوەو گڕ لەجەستەی ئەو بەربووە!

ڕۆژی 14ی ئەم مانگە کچێکی تەمەن هەژدە ساڵ بەناوی (م.س) دانیشتووی ناحیەی بەردەڕەش لەسەر کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئاگری لەجەستەی خۆی بەردا.

بەگوێرەی زانیاریەکان هەر زوو کەسوکاری بەهانایەوە چونەو ئاگرەکەیان کوژاندۆتەوەو ڕەوانەی نەخخۆشخانەی ئیمێرجنسی شاری هەولێریان کردووە، بەڵام لەبەر زۆری ڕێژەی سووتانەکەی گیانی لەدەست داوە.

# هەواڵی سەیر

## هەواڵی سەیر

**کاتژمێر** 10ی سەر لەبەیانی ڕۆژی 2007/12/11 لەسێ ڕیانی نەخۆشخانەی ددانی کەرکوک و بەدیاری کراوی لەسەرەتای شەقای صلاح الدین مەفرەزەیەکی پۆلیس جادەکەیان گرتبوو نەیان دەهێڵا هەموو جۆرە ئوتومبێلێک بەو شەقامەدا بڕوات. بەکەیفی خۆیان کێیان بویستایە ئەوەیان ڕەت دەکرد،لەوکاتەدا ئوتومبێلێکی نوێ ی مۆدێل بەرز ویستی بەوێدا بڕوات پۆلیسەکە دای بەسەر بۆنیتەکەیداو وتی بگەڕێوە،ئەویش دابەزی و چی ناشێ بە پۆلیسەکەی گوت و دوای ئەوە پۆلیسەکە داوای لێبوردنی لە شۆڤێرەکە کرد و وتی فەرموو.

**ڕۆژی**2007/12/12 کاتژمێر 11،15لە قەیسەری گەورەی بازاڕی جووت قاوە لە کەرکەک پیاوک لە نێوان دوو ژندا دەستی هەردوکیانی گرتبوو جنێوی پێیان دەدا دەیگوت ئێوە دزیتان کردووە دەتاندە پۆلیسخانە،ژنەکانیش هاواریان لێ بەرزبووەوە داوایان لە خەڵکەکە کرد یارمەتیان بدەن ژنەکانی دایەبەرشەق و شەپلاغ و دەستی برد دوو گورزە پارەی لەگیانیان دەرهێنا،دوای ئەوە ژنەکان ڕایان کرد،پیاوە تورکمان بوو جنێوی دابە کورد ووتی ئەم ژنەکوردانە هەروا(....)لەو کاتەدا کەسێکی کورد چوو بەگژیدا و بوو بەشەریان پێ گووت کە ئێوە هەمیشە و بەبەردەوامی ئەم شارەتان دزیوە و خواردووە و تیاترۆکانی تورکیا دێنن بۆ ئێرە کەس قسەناکات کەچی لەسەر دزی یەک جنێو بە میلەتێک دەدەیت،خەریک بوو شەرەکە گەورەتر بێت خەڵکی دیکەی تیا بخزێت بەڵام دوای کۆتای پێ هێنا.

**لە** پەروەردەی چەمچەماڵ بانێکە کۆمەڵێ هەوا.ماوەی چوارساڵی خوێندنە چەند مامۆستایەکیان لەسەر میلاکی نەهێشتنی نەخوێندەواری دامەزراندووە لە گوندەکان،زۆربەیان فێرخوازیشیان نەماوە و داوا ئەکەن بیانگوێزنەوە ئەڵێن ئێوە نابێ بگوێزرێنەوە بۆ ناوشار و ناحیەکان،بۆ خۆتان پاڵی لێ بدەنەوە.کەچی لە هەفتەی ڕابردوو بەرێوەبەری پەروەردەی چەمچەماڵ خۆی سەردانی یەکەی سەرشتیاری پەروەردەی کردوو داوای لێیان کردکە ئەم مامۆستا کچە بگوێزنەوە بۆ ناحیەی تەکیە و مامۆستای دیکە لە شوێنی دابنێن لە گوندەکە .شایەنی باسە ئەو مامۆستایە تەنها یەک ساڵ خزمەتی هەیە و قوتابی و قوتابخانەی گوندەکەی هیچ کەمو کوریان نی یە.

**ڕۆژی** 2007/12/7 لەسەر جادەی گشتی (داقوق-کرکوک)هاولاتی (حسین رەحیم)بە ئوتومبێلێکی قەمەرە (ڕۆنگ ساید)بە جادەکەدا دەروات لەبەرئەوەی ئەو شوێنە لەسایدەکەی ئەو بەر چاک کردن تیابوو.لەوکاتەدا تووشی چەند سەیارەیەکی ئەمەریکی دەبێ و تەقەی لێ دەکەن و هەر لەوێ دەمرێ.دوای ئەوەی کە ئەفسەرە ئەمەریکیەکە دەچێتە سەری و بۆی دەردەکەوێ کە بێ تاوان کوژراوە،داوای لێبووردن لەو خەڵکە دەکات کە لەوێ کۆببونەوە و لێی ئەدا و ئەروات.شایەنی باسە ئەمە دەیان جارە کاری لەو شێوەیە نارەوا لەدەستی ئەو سەربازە ئەمەریکیانە دەردەچێ و تائێستاش چارەسەری بۆنەکراوە.

**ڕێکخراوی** (ئێچ.کەی.ئێف) کە ڕێکخراوێکی خێرخوازی بۆ یارمەتی دانی جووتیارانی کوردستان بنکەیەکی لە گەرەکی ڕەحیم ئاوای شاری کرکوک داناوە و بە پارە و ئاژەڵ کرین یارمەتی ئەو جووتیارانە دەدات کە دەچن لەویا فۆرمی تایبەت پردەکەنەوە و دوای دەگەڕێنەوە بۆ گوندەکەیان بە نیازی ئاوەدانکردنەوەیان.لە گوندی خاڵۆ بازیان ناوچەی قەرەهەنجیر هاولاتی (هی.ن.ق) کە جووتیارێکی دەوڵەمەندی گوندەکەیە،بەهۆی خزمێکی خۆیەوە کە کارمەندە لەو ڕێکخراو(10 مانگا)ی هۆڵەندیان بۆ کریوە بە مەرجێ لە ماوەی ساڵێکدا نەیان فرۆشێ دوای ئەوە خۆیان و بەچکەکانیان بۆ جوتیارەکە.لە گوندی ("قەفار)یش کەسێکی دیکە پارەی 100سەر مەری لێیان وەرگرتبوو بەڵام چوو بوو مەڕی کەسێکی دیکەی پێشان دابوو.شایەنی باسە هەندێک لەو ڕێکخراوە خێرخوازیانە ئەگەر چی کارەکانیان زۆر پیرۆزە بەڵام بەهۆی گەندەڵی دەستەی ڕێکخراوەکەوە توشی چەندەها هەڵەی لەو جۆرە دەبن.

**سەندیکای** ڕۆژنامەنووسانی کوردستان کە بارەگای سەرەکی لەشاری هەولێرە، لە یەکگرتنی ڕۆژنامەنووسانی هەردوو هێزە دەستەڵاتدارەکەی کوردستان پێکهاتووە، بۆ خۆی گەلاڵەی یاسای کاری ڕۆژنامەوانی کرد و لەڕێگەی حکومەتەکەی خۆیانەوە بۆ پەرلەمان بەرزیان کردەوە، ئەو سەندیکایە نەپرس و ڕاوێژی بە ڕۆژنامەوانانی دیکە کرد، نە گوێشی لە ڕامانی کۆمیتەی بەرگری و گروپی ڕاچەنین گرت، بەڵام ئێستا کە پەرلەمانی کوردستان لە 11-12-2007 ەوە پڕۆژەکەی ئەوی بە دەستکاری باشتریشەوە پەسند کردووە، بەڵام چونکە هەست بە ناڕاستی یاساکە دەکات و دەزانێ خراپ بەسەریدا دەشکێتەوە، ئیتر ئەویش داوای لە ئەندامانی خۆی کردووە تا وەکو ڕۆژنامەوانە ئازادەکان دەنگی نارەزایی بەرز بکەنەوەو داوا لە سەرۆکی هەرێمی کوردستان بکەن کە یاساکە ڕەوانەی پەرلەمان بکاتەوەو ئیمزای نەکات!! ئەوانیش لەو کۆبوونەوەیە بەشداریان کرد کە ڕۆژنامەوانانی ئازاد لە کاتژمێر 15ی ڕۆژی 14-12-2007 لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی سازیان کردبوو.

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com